دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی ڕاپەڕین، هەولێر

س.پ: ١

***

ناوی کتێب: پینۆکیۆ

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: یوسف عەبدولقادر ڕەسوڵ

بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٠٧

دەرهێنانی هونەری و بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی

وێنەکان: یوسف عەبدولقادر ڕەسوڵ

سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحمود

چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠١

لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٥١١)ی

ساڵی ٢٠٠١ی دراوەتێ

پڕۆژەی پەپوولە بۆ منداڵانی کورد ١١

# پینۆکیۆ

وەرگێڕان و ئامادەکردنی:
یوسف عەبدولقادر ڕەسووڵ

# پینۆکیۆ

وەرگێڕان و ئامادەکردنی:
یوسف عەبدولقادر ڕەسووڵ

# پینۆکیۆ

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو. لە گوندێکی بچووکی وڵاتی ئیتاڵیا مرۆڤێکی پیری پەیکەرتاش هەبوو، ناوی گێپیتۆ بوو.

منداڵە ئازیز و خۆشەویستەکان:

ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو پەیکەرتاشە، پەیکەری کوڕێک دەتاشێ و، لە دڵی خۆیدا دەڵێت:

«خۆزگەم ئەم پەیکەرە دەبوو بە کوڕێکی بەڕاستی» گێپیتۆی پەیکەرتاش لەبەرئەوەی خێزان و منداڵی نەبوو بۆیە هەمیشە بەتەنیایی دەژیا.

ئازیزان:

پەیکەرەکە کتوپڕ هاتە ئاخاوتن و، گوتی: "ڕۆژباش بابە گیان!" گێپیتۆ بەم وەڵامە حەپەسا و سەرسام بوو. ئیتر پەیکەرەکە دەستی بەڕۆیشتن کرد و، گێپیتۆش لە خۆشیانە

نەیدەزانی چی بکات. هەر هێندەی پێ کرا ناوی بنێ (پینۆکیۆ).

ڕۆژێکیان گێپیتۆ بە پینۆکیۆی گوت:

«پینۆکیۆ، کوڕم ئێستە تۆ بووی بەکوڕێکی بەڕاستی، دەبێ لەمەولا بچیت بۆ قوتابخانە».

پینۆکیۆش لە وەڵامدا گوتی: «نەخێر بابە گیان من نامەوێت بچم بۆ قوتابخانە، من وا دەڕۆم بابە گیان خوا ئاگادارت بێت».

ئیتر گێپیتۆ بەدوای کوڕەکەی کەوت و، لە دوورەوە بینی وا پینۆکیۆ چوو بۆ نانەواخانەیەک و چەند نانێکی بەدەستەوە گرت. کاتێک کە گێپیتۆ لێی نێزیک بووەوە بەنانەکان لێی دا. گێپیتۆ هاواری لێ هەڵسا. دەیویست پینۆکیۆ بگرێ و هێمنی بکاتەوە.

نانەواکە پۆلیسی بانگ کرد. پۆلیس گێپیتۆی بەستەزمانیان گرت و خستیانە زیندانەوە. کاتێ پینۆکیۆ چاوی بەو دیمەنە





کەوت، زۆر خۆشحاڵ بوو، گوتی: "ئای چەند خۆشە، ئێستە دەتوانم بۆ خۆم هەموو ڕۆژێ لە دەرەوە یاری بکەم و، نەچم بۆ قوتابخانە».

پینۆکیۆ ئەو ڕۆژە لە خۆشیانە هەر خەریکی یاری بوو، تا درەنگانێک هەر لە باخەکەدا یاریی کرد، کاتێک تاریکیش داهات، ئیتر کەس نەما یاریی لەگەڵدا بکات، ناچار بوو گەڕایەوە ماڵ، کە گەیشتە ماڵەوە سەیری کرد کەسێک نییە وەکو جاران چاوەڕوانی بکات، شەوەکەش زۆر سەرما بوو. ئەویش بەهۆی یاری کردنەوە زۆر ماندوو بوو و، ئیتر بۆ خۆی لەسەر کورسییەکی بەردەم ئاگردانەکە دانیشت و، قاچەکانی لە ئاگرەکە نزیک کردەوە. هێندەی پێ نەچوو خەوی لێ کەوت. کاتێ بەئاگا هات سەیری کرد هەردوو قاچی سووتاون.





هەر هەمان شەو بەدرەنگەوە گێپێتۆ بەرەو ماڵ گەڕایەوە، سەیری کرد کوڕەکەی وا لە ماڵەوەیە، بەڵام لەپڕ سەرنجی دا، بینیی هەردوو قاچی سووتاون. گێپیتۆ بەخەمبارییەوە بە پینۆکیۆی کوڕی گوت:

«کوڕە ئازیزەکەم، پینۆکیۆ، ئەگەر بەڵێنی ئەوەم بدەیتێ، بچیت بۆ قوتابخانە، ئەوە هەر ئێستە دوو قاچی تازەت بۆ دروست دەکەم!».

پینۆکیۆش لە وەڵامدا گوتی:

«بەڵێن بێ بابە گیان، ئەمجارەیان قسەی تۆ ناشکێنم و، دەچم بۆ قوتابخانە».

پەیکەرتاشەکە ئەو شەوە تا بەیانی نەخەوت و، بۆ بەیانی دوو قاچی تازەی بۆ پینۆکیۆی کوڕی دروست کرد. هەر بۆ





بەیانیش، باشترین دەستە جلوبەرگی خۆی فرۆشت و، هەندێک کتێب و دەفتەر و کەرەستەی تری قوتابخانەی بۆ دەکڕێ.

پینۆکیۆ کاتێ باوکی بەم جۆرە بینی، گوتی: «سوپاس بۆ تۆ بابە گیان، بەڵێن بێ ئیتر قسەی تۆ ناشکێنم و، دەچم بۆ قوتابخانە. بەهەموو توانا کۆشش دەکەم و، تا بۆم بکرێ هاوکاریشت دەکەم».

بۆ بەیانیی ڕۆژی دووەم پینۆکیۆ لە ماڵ وەدەر کەوت و بەرەو قوتابخانە کەوتە ڕێگە. بەدەم ڕێگەوە گوێی لە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا بوو. وردە وردە بەرەو لای دەنگەکە چوو. کە نزیک بووەوە سەرنجی دا تیپێکی موزیک و گۆرانی و شانۆ و پێکەنین خەریکی ئاهەنگ و بەزم گێڕانن. خەڵکیش بەپەرۆشەوە لە هۆڵەکە بەژوور دەکەون، ئەویش هەر لە شوێن خۆیەوە بڕیاری ئەوەی دا کتێبەکانی خۆی بفرۆشێت و بلیتێکی پێ بکڕێ و، پێی بچێتە ژووری هۆڵەکەوە. ئیتر بۆ





خۆی لە ئاهەنگەکە ئامادە بێت و، گوێ لە موزیک و گۆرانی بگرێت.

پینۆکیۆ کە چووە ژوورەوە ئاهەنگەکە هێندە خۆش بوو، لە خۆشیانە خۆی بۆ نەگیرا و، بەکەڵەمبازێک گەیشتە سەر شانۆکە. بەوەش نەوەستا، خەریکی ئەوە بوو شانۆکە تێک بدات. بەڕێوەبەری شانۆکەیش خێرا پەلاماری دا و گرتی و، ویستی هەڵی بداتە ناو ئاگرێکەوە. پینۆکیۆ دەستی بەگریان کرد و گوتی:

«مامە، داوای لێبووردنت لێ دەکەم، تکایە ئازارم مەدە، چونکە ئەگەر باوکم بزانێ زۆر دڵگیر دەبێ، بەتایبەتی ئەگەر بزانێ نەچوومەتە قوتابخانە».

کابرای بەڕێوەبەری شانۆکەیش کە ئەم قسەی بیست زۆر بەزەیی پێیدا هاتەوە و، بەکوڕێکی باشی زانی و پێی گوت:

«باشە کوڕم، ئەوا من لێت دەبوورم، بەڵام جارێکی تر شتی وا مەکە».





بڕە پارەیەکیشی پێ دا و، پێی گوت بڕۆ دووبارە بۆ خۆت کتێب و پێویستییەکانی قوتابخانەی پێ بکڕە.

پینۆکیۆ بەم هەڵوێستەی بەڕێوەبەری شانۆ زۆر خۆشحاڵ بوو، پارەکەی وەرگرت و ڕۆیشت. بەڵام ئاگای لەوە نەبوو کەوا پیرە ڕێوییەکی فێڵباز و پیشیلەیەک ئاگەداری ڕووداوەکە بوون و، کەوتوونەتە دوای. کە پێی گەیشتن زۆر بەڕوویێکی خۆشەوە گوتیان:

«پینۆکیۆی ئازیز ڕۆژباش، وا دیارە پارەت هەیە، ئێمە حەز دەکەین پێت بڵێین چۆن چۆنی ئەو پارەیەت زیاد بکەیت؟».

پینۆکیۆش گوتی: زیادی بکەم! بەڵام چۆن؟

ئەوانیش لە وەڵامدا گوتیان: ئەگەر گوێمان لێ بگری ئەوە هەر لە خۆی ئاسانتر نییە، هەر ئێستا بچۆ پارەکەت لەژێر ئەو دارەدا بچێنە و، بۆ خۆشت لێی بخەوە، هەر هێندە دەزانی کە لە خەو هەستای پارەکەت زۆر بووە و، تۆش دەوڵەمەند بووی.

پینۆکیۆ زۆر نەزان بوو و، هەر زوو بەقسەی ڕێوی و پشیلە





فـریوی خـوارد، چۆنیـان پێ گـوتبـوو ئاوای کـرد. دوای چەند ساتێک کـە خـەبەری بووەوە بینیی وا بە لقـە دارێکەوە هـەڵیـان واسـیوە و، پارەکەشیـان بردووە. پینۆکیۆ زۆر خـەمبـار بوو و، هاواری کرد، گوتی:

«هاوارە خەڵکینە یارمەتیم بدەن، ئەی هاوار بەفریام کەون».

لەپڕ هەڵۆیەک پەیدا بوو. ئەم هـەڵۆیەش لەلایەن فـریشـتـەوە ڕەوانە کرابـوو. هەر زوو پینۆکیۆی لە لقە دارەکە کردەوە و، بۆ لای فـریشتـەکەی برد، فـریشـتـەکە چەند پرسـیارێکی لێ کرد و گوتی:

«پینۆکیۆ دەتوانی پێم بڵێی بۆ نەچوویت بۆ قوتابخانە؟»

پینۆکیۆ لە وەڵامدا گوتی:

«لە ڕاستیدا لە ڕێگەی قوتابخانە تووشی هـەژارێکی بێ باوک و برسـی بووم، منیش بەزەییم پێی هاتەوە و، کـتـێـبـەکـانم فرۆشت و، نانم بۆی کڕی».





کاتێ پینۆکیۆ ئەم وەڵامەی دایەوە، وردە وردە کەپووی درێژ بوو، فریشتە چاکەکەش زانیی قسەکەی ڕاست نییە و، پێی گوت:

«پینۆکیۆ تۆ درۆت لەگەڵدا کردم، بۆیە وا کەپووت درێژ بووە».

ئیتر پینۆکیۆ لێبووردنی لێ خواست و، فریشتەکەش داوای کرد تا کەپووەکەی وەکو خۆی لێ هاتەوە.

ئینجا پینۆکیۆ ویستی بەرەو ماڵ بگەڕێتەوە، بەڵام ئەمجارە ڕێگەی خۆی گۆڕی و، ویستی بەڕێگەیەکی تردا بڕوات. لە ڕێگەدا تووشی «شاری یاری بوو». هەرچەندە ویستی خێرا بگەڕێتەوە ماڵەوە، بەڵام لەوێ بەیاری کردنەوە خەریک بوو و، چەند ڕۆژ لەوێ مایەوە. تا ڕۆژێکیان خۆی و هاوڕێکانی هەر هێندە بەخۆیان زانی، وا هەموویان بوونەتە گوێ درێژ. هەر ئەودەمانیش خاوەنی «شاری یاری» بەهەلی زانی و، گورج پینۆکیۆی بەسێرکێک فرۆشت و، پینۆکیۆ ماوەیەک لە سێرک





یارییان پێ کرد، تا ڕۆژێکیان لاقێکی شکا. فڕێیان دایە ناو دەریاوە و، نقــــومی ژێر دەریا بوو و مـــاسی دەوریان دا و پێستەکەیان خوارد. کاتێ پێستەکەی نەما پینۆکیۆ بووەوە کوڕەکەی جاران و، زۆر سوپاسی ماسییەکانی کرد کە ئەم چاکەیان لەگەڵیدا کردووە.

بەڵام منداڵە ئازیزەکان:

ئێوە دەزانن کە فریشتە چاکەکە هەر بەدوای پینۆکیۆوە بوو، لە کاتی تەنگانەدا فریای دەکەوت، چونکە دەیزانی لەو کارانەی دەیکات پەشیمان دەبێتەوە.

پینۆکیۆ هەموو جارێ بەخۆیدا دەچووەوە و، لەبەر خۆیەوە دەیگوت! «دەبێ ئەمجارەیان ببم بەکوڕێکی باش و گوێڕایەڵی باوکم بم و، زۆر هاوکاریی بکەم».

بەڵام نەیدەزانی کە نەهەنگێکی گەورە وا بەدوایدا دەڕوات، کاتێ لەپڕ چاوی بە نەهەنگەکە کەوت دەستی بەگریان کرد و،





تا هێزی تێدا بوو هاواری کرد: «فریام کەون، فریام کەون، فریام کەون».

بەڵام لە ئەنجامدا خۆی لە تاریکایی زگی نەهەنگەکەدا دۆزیەوە. هێندەی پێ نەچوو چاوی بەڕووناکییەک کەوت، کە لێی نێزیک بووەوە سەرنجی دا ئەمە گێپیتۆی باوکیەتی و، لەسەر تەختە دارێک وەستاوە. تێر تێر یەکتریان لە ئامێز گرت و، یەکتریان ماچ کرد، چونکە دەمێک بوو یەکترییان نەدیبوو.

گێپیتۆ بە پینۆکیۆی کوڕی گوت:

«کوڕە ئازیزەکەم دەزانی من دەمێک بوو خەریک بووم لەنێو دەریا بەدواتدا دەگەڕام. بەڵام ئەم نەهەنگە لەپڕ منی قووت دا و کەوتمە ئێرە».

منداڵە ئازیزەکان:

گێپیتۆ و پینۆکیۆ هەرگیز باوەڕیان نەدەکرد جارێکی تر یەکتری ببیننەوە، هەر بۆیەش گێپیتۆ بەکوڕەکەی گوت:






«من زۆر مــاندووم. تۆ ئازادی و دەتوانی بەتەنیــا بۆ خــۆت بڕۆی».

پینۆکیۆ لە وەڵامدا گوتی: «نەخێر بابە گیان هەرگیز بەبێ تۆ ناڕۆم و، بەجێت ناهێڵم».

گێپیتۆی پیر و شەکەت، چوو دەرفەت لە نەهەنگەکە بێنێ و، لەو کاتەدا کە نەهەنگەکە خەوتبوو، پینۆکیۆی کوڕی خستە کۆڵیەوە. بەئەسپاپی و هێمن هێمن، بەمەلەوانی لە زگی نەهەنگەکە دەرکەوتن و، بەم شێوەیە ڕزگاریان بوو. بەڵام لەبەرئەوەی گێپیتۆ زۆر ماندوو بوو، ماوەیەکی زۆر نەخۆش کەوت، پینۆکیۆی کوڕی زۆر بەدڵسۆزی خزمەتی کرد تا تەندروستیی باش بووەوە و، لە نەخۆشییەکەی هەڵستایەوە. کاتێکیش باری تەندروستیی تەواو باش بوو، بە پینۆکیۆی کوڕی گوت:





«کوڕە ئازیزەکەم لە ناخی دڵەوە سوپاست دەکەم لەبەرئەوەی بەڕاستی تۆ فریام کەوتی و، ڕزگارت کردم».

ئەوان لەو قسانەدا بوون، لەپڕ فریشتە چاکەخوازەکە پەیدا بوو و، بە پینۆکیۆی گوت:

«هەی ئافەرین پینۆکیۆ، بەڕاستی تۆ بوویت بەکوڕێکی وشیار و ژیر و باش بۆیە پێویستە ببیت بەکوڕێکی ڕاستەقینە».

هێشتا ئەوان لەو قسانەدا بوون، فریشتەکە پینۆکیۆی بەکوڕێکی ڕاستەقینە گۆڕی. بۆ خۆشی لە شەقەی باڵی دا و فڕی و، لەو ناوە وەدوورکەوتەوە.

منداڵە خۆشەویستەکان:

لەوە بەدوا گێپێتۆ و پینۆکیۆی کوڕی کەوتنە ژیانێکی خۆش و بەختەوەر.

منیش هاتمەوە کڵاشم دڕا و هیچم پێ نەبڕا.





**چاپکراوی ئاراس بۆ منداڵانی کوردستان:**

**پەروین و دوو سمۆرەی بەدفەڕ**
ئامادەکردنی: یوسف عەبدولقادر

**کۆمەڵە مشکێک**
ئامادەکردنی: یوسف عەبدولقادر

**کەڵەشێر و ڕێوبیە پیرەکە**
وەرگێڕانی: عەزیز هەریری

**گرنگترین قەڵەم**
وەرگێڕانی: بەدران ئەحمەد حەبیب

**نێربیەکی قۆچ درێژ**
نووسینی: حاجی مەمۆ

**چیرۆکی ئەستێرەکان**
وەرگێڕانی: ناز فەلەکەدین کاکەیی

**میر ئیڤان و گورگە بۆر**
وەرگێڕانی: بەدران ئەحمەد حەبیب